

# ئاستەکانی بینین لەنمایشی "مەرگ وکچ"دا

کامەران سوبحان

پرۆسەی بینین لەکاری هونەرییدا پرۆسەیەکی بەربلاوو بەرفراوانە،بەجۆرێك بنەماکانی بینین دەبێتە بنکەیەکی بەرفراوان وزۆرجاریش ئەم ئاستە خاڵی یەکەم و بنەڕەتی سەرکەوتن وقوڵی بەرهەمەکەپیشان ئەدات، لەم خاڵەوە یەکەم بەریەککەوتنی نێوان بەرهەمی هونەریی و بەرهەمی ئەدەبی وەدەردەکەوێت وبینینیش لە یەکەمیاندا بەهۆی ڕەگەزە هونەرییەکانەوەیەولەدوەمیشیاندا ئاستی بینین لە بونی " زمانی تێکست وتەکنیك وگرێچن وکارەکتەرو چەند ڕەگەزێکی تردایە"هەمیشە پەیوەندی ئەدەب وهونەر لەسەر ئەم بنەماو ڕەگەزانە دادەمەزرێت بەتایبەتیش لە سەر ئاستی بەرهەمی ڕیالیزمانەی هونەر کە تێکست وتێکستی ئەدەبی بنەمایەکی سەرەکی هونەری شانۆی ڕیالیزمیە ،ئەمەبەپێچەوانەی بەرهەمی چەند دەرهێنەرو بیریارێکی هاوچەرخ کە تێکست لەبەرهەمەکانیاندا شانۆییەکان لەپلەیەکی نزمدایە یان هیچ ئەرزشێکی نیە..

ئەم تەسنیف کاریە بۆبەرهەمی نمایشێکی شانۆیی یە کە لەیادەوەریماندا بەشێکی داگیرکردوە ئەو نمایشەش شانۆگەری "مەرگ وکچ"ە کەبەرهەمی "تیپی شانۆی ئارارات" ە لەسوید ،و ماوەی سێ ڕۆژ لەسلێمانی نمایش کرا شانۆییەکەش دەقی نوسەری ئەمەریکای لاتین " ئارییێڵ دۆرفمان" چیللی یە ،ئەم بەرهەمە وەرگێڕان ودەرهێنانی فازل جاف و نواندنی "تەلارهیرانی،مەریوان کەمال،عادل عەبدولا"

ئەم نمایشە لە سکێچی گشتیدا هەوڵ ئەدات ئەوگرفتانە بخاتە ڕوو کە کۆمەڵگە لەپاش هەمو گۆڕانەسیاسیەکان ڕوبەڕوی دەبێتەوە بەتایبەتیش گۆڕینی ڕژێمە دیکتاتۆریەکان وهێنانە کایەی سیستەمێکی جیاوازو مۆدێرنی وا کەتەواو

پێچەوانەی دیکتاتۆری بێت کەئەویش سیستەمی ئازادی و حوکمی یاسایە ،ئەم چیرۆکە چیرۆکی کۆمەڵگەکەی "دۆرفمان" ی نوسەرمان بۆدەگێڕێتەوە کە وڵاتی شیللی یەو یەکێکە لەوڵاتەکانی ئەمەریکای لاتین،ئەوبارودۆخەی کەلەتێکستی"مەرگ وکچ" داهەیە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەکی جودایە لەکۆمەڵگەی ئێمە بەڵام بەبینینی نمایشەکە واهەست دەکەین نوسەری ئەم شانۆنامەیە لەوڵاتی ئێمەدا ژیاوە ،چونکە ڕوداوەکانی نێو ئەم نمایشە لەڕوداوەکانی ئەم چەندساڵەی کۆمەڵگەی ئێمە دەچێت ،ئەمەش لەئەدەبیاتی شانۆییدا بە "ئێستاندن وئێراندن" ناودەبرێت،کەزۆرگرنگە بۆدەرهێنەر کەبتوانێت لەهەڵبژاردنی تێکستدا بابەتێك هەڵبژێرێت لەو چرکەی کە کۆمەڵگەی پێدادەگوزەرێت نزیك بێت ،ئەمەش وێناکردنی نوسەرە بۆکێشەیەك کە لەهەمو سەردەم وشوێن وقۆناغێکدائەم گرفتانە دوبارە دەبنەوە ..

ئاستی بینین لەم نمایشەدا ئێمە دابەشمانکردوە بۆ چەند ئاست و ڕەگەزێك کەهەریەکەیان بە پێی ئەوەلیاتی لەنمایشەکەدا لەسەری ئەدوێین...

**ئاستی یەکەم:**

**چیرۆکی شانۆنامەکە**

گەرچی چیرۆکی ئەم شانۆنامەیە وەك ئامارژەمان پێدا باس لە ڕوداوەکانی کۆمەڵگەیەکی تردەکات کە لەزۆرئاستەوە لەکۆمەڵگەی ئێمە دورە تەنها لەو ئاستەدا نەبێت کە ڕوداوەکان بەشێوازێکی ترو بە ڕویەکی تر لێرەش دوبارەدەبنەوە ،ڕەنگە ئەمە خاڵی هاوبەشی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بێت و چەندین ڕوداوو چەندین حاڵەتی هاوشێوەهەبێت بەتایبەتی لە گۆڕانە کۆمەڵایەتی وقۆناغە جیاوازەکانی هەمو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا..

مەرگ وکچ کاتژمێرونیوێك بەردەوام قسەو دیالۆگ بەبێ پشوو ،بەبێ بێدەنگی گەر تەکنیکێکی گەورە نەبێت ئەوابەدڵنیاییەوە بینەر توشی دڵەڕاوکێ و بێزاری دەبێت،بەتایبەتی هونەری شانۆ لای ئێمە لەهەمو هونەرەکانی تر زیاتر لەبەردەم حاڵەتی بێزارییدایە ،هۆکارەکەشی بۆپەیوەندی هونەرمەندان و بەرهەمەکان دەگەڕێتەوە یان بۆ لێکنەگەیشتنی هونەرمەندوبەرهەم،بەڵام مەرگ و کچ بەپێچەوانەوە ئێمەهەستمان دەکرد پرسیارەکانی ئێمەیە لە گرفتەکانی کۆمەڵگەکەمان،بەتایبەتیش کە ئەم شانۆنامەیە و نوسەرەکەی "ئارییێل دۆرفمان"بە شانۆی سیاسی- سایکۆلۆژی –لە ئەزمونی شانۆدا دەناسرێت، پێم وایە ئاستە سیاسیەکەی زۆر جودایە لەو ڕێبازە شانۆییەی کە (بیسکاتۆر) لەشانۆی سیاسیدا بانگەشەی بۆدەکرد، لای ئەم ناخی کارەکتەرەکان و بینین وپەیوەندیەکانیان





توانای ئەو گرفت و کێشە سیاسیانەی دەردەخات کە هەریەک لە "پاولینا سالاس و ئێسکۆبار"وەک خێزانێک و دواتر لەپارتە سیاسیەکەیاندا ڕوبەڕوی دەبنەوە، هەرچەند ناکرێت لە چیرۆکی ئەم نمایشەشدا چ وەک چیرۆکێکی جەبری ڕوت چ وەک بەرهەمێک کە بینیومانە ئاستی بینین وفەلسەفەی سیاسی وململانێ سیاسیەکان فەرامۆشکەین ،بەتایبەتیش لەو هاتنە ناوەوەدا کە " د.ڕۆبێرتۆمیراندا"بۆناو چیرۆکی نمایشەکە ئیدی هەرەمی ڕوداوو کێشەو فەلسەفەی چیرۆکەکەدەگۆڕێت،پێم وایە جوانترین ڕەگەزی هونەریی لەتێکستی ئەم شانۆییەدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەنوسەر بەتەکنیکێک چیرۆکەکەمان بۆدەگێڕێتەوە دوربێت لەبێزاری و مەلەل ،ئەم خاڵە دیارترین بنەمای دەقی شانۆیە ،چونکە یەک چرکە لە بێزاربون لە نمایشدا وامان لێدەکات کە نەتوانین لەکۆی ڕوداوو چیرۆکی ئەو نمایشە چێژببینین ،ئەمە پێچەوانەی بەرهەمە ئەدەبیەکان کەڕەنگە لەهەرحاڵەتێکدابێت بتوانیت بگەڕێیتەوە سەری وبەردەوامبیت لەگەڵ ڕوداوەکانیدا ،خاڵێکی تریش کەشانۆجیادەکاتەوە لەهەمو هونەرەکانی ترئەوەیە کەڕوداوو حاڵەت ودیمەنەکان لە شانۆدا زۆربەخێرایی گوزەردەکەن ،لێرەش لە "مەرگ وکچ"دا بەوشێوەیە چیرۆکەکەی داڕێژرابوو ،جگەلەوەش دەرهێنەر بەتەکنیکی هونەریی زیاتر ئەم ڕەگەزەی چڕکردبویەوە کە کۆی گشتی شانۆنامەکە کێشەیەک بوو بەڵام نەک تەنها کێشەی خێزانێک بەڵکو کێشەی سەرجەم مرۆڤایەتی ..

**ئاستی دووەم:**

**"دەرهێنان"**

دوەم ڕەگەز لەکاری شانۆییدا کەبەربینەردەکەوێت وڕەگەزی سەرەکیە لەنمایشدا دەرهێنەرە ،بەجۆرێک ئەو گەیەنەری سەرجەم فەلسەفەو تێڕوانینینی نوسەرە بۆبینەر، ئەوەی لەم نمایشەدا زۆربەڕونی دیارە فەلسەفەی دەرهێنانە ،زۆرجار ئێمە شاکارێک دەخوێنینەوە پاش بینین نازانین لەم شاکارەدا دەرهێنەر چیمان پێدەڵێت،بەتایبەتیش لەبەرهەمەکانی شکسپیردا ئەم گرفتە زۆر دوبارەدەبێتەوە،چونکە گرێ وململانێی کارەکتەرەکان ڕون وئاشکرایە دەرهێنەر لەگەڵ خوێندنەوەو دەرهێنانیدا توشی گرفت دەبێت ئەویش لەبەردەم فەلسەفەو تێڕوانینی خۆی بۆشکسپیر، بۆئەوتێکستەی کەدەیەوێت نمایشی بکات، بەڵام لەم شانۆنامەدا پێچەوانەی ئەم حاڵەتەدەبینرا کە دەرهێنەر لەپاڵ تەرحکردنی بابەتەکەیدا هەوڵیدابوو گونجاندێک بکات لەتەک چیرۆکی شانۆنامەکەو چیرۆکی ژیانی کۆمەڵگەکەی ،چونکە ئەم بینین وئیش پێکردنە دەستەواژەیەکی دیاری شانۆیە کەدەڵێت"شانۆ کوڕی سەردەمەکەی خۆیەتی" دەرهێنەر زۆرکاری لەسەر ئەم حاڵەتەکردوە بەتایبەتی لەداڕشتنەوەی هونەرییدا،کەئەویش لەوستایلە نوێیەی دەرهێنانندا کەنمایشێک خاڵی نەبێت لەهیچ کام لەڕەگەزەکانی وەک دیکۆر،مۆزیک،جل وبەرگ،دەنگ، ستایلی تایبەتی دەرهێنان.

گەر لەسەرمۆزیك قسەبکەین کەزۆرجار لەکاری هەندێ دەرهێنەردا مۆزیك هۆکارێکی گوزارشتکاری دەرهێنەربوە بۆ شانۆنامەیەك بەڵام لێرە بە پێچەوانەوە مۆزیك بەشێکی سەرەکییە لە ڕوداوەکان بەتایبەتیش ئەو مۆزیکەی "شۆبەرت" کە گرێیەکی گەورەی دەقەکەیەو دەرهێنەریش وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی شانۆ جارێکی تر کاری لەسەرکردوەتەوە وبەردەوام بەداڕشتنەوەی هونەریی پەیوەندی دروسکردوە لەنێوان مۆزیکەی شۆپەرت لای د. ڕۆبێرتۆ میرانداو مۆزیکەکەی نمایش لە ئسلوبی دەرهێنانی دەرهێنەردا،ئەمە جگەلەوەی هەوڵیداوە شێوازێکی نوێ بدۆزێتەوەلە مامەڵەکردن لەتەك ڕەگەزەکانی تری شانۆ بەتایبەتیش ڕەگەزی دەرهێنان وتێکست و سینۆگرافیاو دیکۆر...

هەرچەندە ئەم شێوازە لەکارکردن لای ئێمە بە کاری واقیعی ناوزەند دەکرێت بەڵام من پێم وایە دەکرێت ئەم کارە ڕاستە چەندبنەمایەکی سەرەکی کاری واقیعی تێدایە بەڵام وەك لەدەلیلی نمایشەکەدا هاتوە ئەم شانۆنامەیان بە شانۆی سیاسی- سایکۆلۆژی ناوبردوە ،گەر ئەم ناونانە تەنها تێکستەکەو ستایلی نوسین بگرێتەوە ئەوا من پێم وایە بەهەما شێوازیش دەرهێنەر هەمان فۆڕمی کارکردنی بەکارهێناوە ،بەتایبەتی کەئەو هەوڵی داوە دەقا ودەق ئەم فەلسەفەیەی "دۆرفمان " بە ئێمە بگەیەنێت ئەمەش بەڵگەیەکی دیە لەسەر ئەو شێوازە نوێیەی دەرهێنەر کەلەم نمایشەدا هەوڵیداوە جێبەجێی بکات...

شێوازێك لەکاری هونەرییدا بۆدەرهێنەر زۆرگرنگە ئەویش هێنانە ناوەی بینینی بینەرە بۆناو کارە شانۆییەکەی ، لەم کاتەدا لینکێکی بەهێز لەنێوان بینەرونمایشدا دروست دەبێت،بیرمان نەچێت هیچ هونەرێك هێندەی شانۆ گرنگی بە پێگەی بینەرنەداوە،من لەبینینی دوجاری ئەم نمایشە هەستم بەوە کرد دەرهێنەر زۆئیشی لەسەر ئەم ڕەگەزەکردوە،لەکاتێکدا ئەو لەسەرەتای نمایشەوە تا کۆتایی سێ ئەکتەربەبێ وەستان لەدیالۆگدان،بەڕاستی گەر پلانێکی تۆکمەو بەهێزی دەرهێنەرنەبێت بینەرتوشی بێزاری دەبێت،دەرهێنەر جگە لەوتێکستەی کە هەڵبژاردبوو لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەی ئێمە زۆرنزیك بوو ،لەهەمانکاتدا لەدواچرکەی نمایشەکەدا بە بێ پرسی خۆمان هەمو مانی کردە بینەری ئەودادگاییەی کەبڕیاربوو" ڕۆبێرتۆ میراندا" ی تیا دادگایی بکرێت،لەو دیمەنەی کۆتاییدا کەمن پێم وابوو دانانی ئاوێنە هێمایەکی زۆر بەهێزبوو بۆگوزارشتی ئەو دادگاییە ،ئەمە پێچەوانەی هەمو ئەو مانا سواوانەی کە "ئاوێنە"ی پێ تەوزیف دەکرێت لە کاری شانۆییدا،ئەم خاڵە زۆرجێگەی ئیشکردنی ئەندێشەی دەرهێنەرە ،دەرهێنەر کاتێك بە پێناسە ڕیالیزمیەکەی بە ژیانەوەودروسکەری دەقی مردوو ناوزەند دەکرێت ،ئەو ژیانەوەیە لەم نمایشەدا لەو چرکەیەی کۆتاییدا بوو کەدوای زەمەنێکی زۆر لەدیالۆگ و ململانێی نێوان کارەکتەرەکان ،بەچەند خولەکێکی کەم دەرهێنەر بێ دەنگیەکی گەورەی خولقاند،ئەو بێدەنگیە هۆکارێکی بەهێزی سەرکەوتنی کارە شانۆییەکەبوو...

کاتێك بینەر یان ڕەخنەگران باس لەمیتۆدی دەرهێنەران دەکەن،کەدەرهێنەربەچی ئاڕاستەیەك کاردەکات،ئەوا لەم نمایشەدا دەرهێنەر بەفۆڕمێك کاریکردبوو ئەتوانین بڵێین پێچەوانەی زۆرێك

لەئیشەکانی ڕابردوی بوو ،ئەمەش ئەزمونێکی گەورە بەبینەر دەگەیەنێت،هەرچەندەلەبینینی ئەم نمایشەدا هەندێ بینەر پێیان وابوو کەدەرهێنەر کەمتر بەڕێبازی "مایرهۆڵد"کاریکردبوو ،بەڵام من بۆخۆم پێم وایە دەرهێنەر بەسود وەرگرتن لەو ڕێبازە هەوڵی داوە لەسوچێکی ترەوە کارلە مایرهۆڵددابکات بەتایبەتیش ناکرێت میتۆدی "مایرهۆڵد" تەنها لەبیۆمیکانیکی جەستەدا کۆبکەینەوە،چونکە بیۆمیکانیك چەمێکە لەچەندەها چەمکی کارکردنی مایرهۆڵدبەڵام لەم کارەدا تەنها هەوڵی ئەوەدراوە بەتێکست و نواندن و داڕشتنەوەی فۆڕمی هونەریی دەرهێنان نمایشێك بەرهەم بهێنرێت لانی کەم بینەر لەماوەی نمایشدا بخاتە بیرکردنەوە لەو چرکە وڕوداوانەی کەلەنمایشدا ڕوو دەدەن...

**ئاستی سێیەم:**

**"نواندن"**

نواندن یەکێکە لە ڕەگەزە دیارەکانی نمایش کەم دەرهێنەرو بیریاری شانۆی هەیە گرنگیەکی ڕەهای بە نواندن نەدابێت دەرهێنەرە خاوەن ستایلەکانی دونیا لەتەك جیاوازی بۆچون وتێڕوانینیان بۆ ڕەگەزەکانی شانۆهەمویان لەسەرئەوە کۆکن کە نواندن وئەکتەرلوتکەو چەقی کارکردنی هونەری شانۆیە ،ستانسلافسکی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا" پێگەیاندنی ئەکتەر" چەندین ڕەگەزی باڵاو ڕاهێنان وئەزمونکاری ومەشقی داناوە بۆپێگەیاندنی ئەکتەر هەرلە پەروەردەکردنی ئەزمونی ژیانەوە تا پەروەردەی یادەوەری ووێناکردن وبینین و.....هتد

کرۆتۆفسکی بانگەشەی شانۆیەکی ئەپستراکت دەکات کە تەنها فیگەری ئەکتەر بتوانێت کون و




قوژبن وبۆشاییەکانی تەختەی شانۆ پڕبکاتەوە ،ئەکتەر لای ئەم دەرهێنەرە بە تواناو لێهاتویەکانیەوە دەبێت ببێتە پڕکەرەوەی هەمو بۆشاییەکانی دی،دواتر لای گۆردن گریك و ئەدۆڵف ئاپیا هەریەکەیان بە جۆرێك لە پێگەی ئەکتەر ئەدوێن بەڵام هەردوکیان گرنگی لەبەرچاوئەدەنە پێگەی ئەکتەر ،"برتۆڵدبرێخت" گۆڕانێکی گرنگی لە پێگە وتوانای ئەکتەرکرد کەڕاستەوخۆ لەزۆرلایەنەوە پێچەوانەی ستانسلافسکی بوو ،بەتایبەتیش لە پەیوەندی نێوان بینین لە ئەکتەرەوە بۆکارەکتەر، دیارترین جیاوازی لای ستانسلافسکی ئەوەبوو کەپێویستە ئەکتەر کارەکتەرەکەی بناسێت ووەك خۆی ڕۆڵەکەی بەرجەستەبکات،بینەرلە بینینی ئۆتێللۆداهەست بکەن ئیاگۆ دەبینن لەسەر شانۆ ،هەست بکەن ئەوە هاملێتە بۆئەوان ئەدوێت ...هتد ،بەڵام ئەم بیردۆزە لای برێخت بە پێچەوانەوە بوو دیارترین جیاوازیش

دەبێت بینەر هەست بەوە بکات ئەوە ئەکتەرێکە کە کارەکتەرێك بەرجەستە دەکات ،ئەو ئەکتەرە تەنها ڕۆڵی ئەو کارەکتەرە دەبینێت و لەهەمو چرکەیەکیشدا بینەر هەست بەو حاڵەتەبکەن ،لەگەڵ چەندین جیاوازی تردا...

لە نمایش " مەرگ و کچ" دا تاڕادەیەك تێکەڵاوییەك هەبوو لەم حاڵەتانە دیارترینیان چیرۆکی نمایشەکەبوو کەئێمە بەهۆی ئەو ئەکتەرانەوە پێی ئاشنابوین ،ئەکتەر باس و گرفتێکی بۆدەگێڕاینەوە کە تاڕادەیەك لەم قۆناغە گۆڕانکاریەی میلەتەکەماندا شتێکی نامۆنیە ،کێشەکانی ئەو کارەکتەرانە کێشەیەك بون کە ڕەنگە بەردەوام کارەکتەری ئەم وڵاتە پرسیاریان لەبارەوە بکات ،کێشەی تۆڵەکردنەوەو کێشەی مامەڵەکردن لەگەڵ قۆناغی ئازادی پاش ئاوابونی دیکتاتۆری وکێشەی سەروەری یاساو ....هتد

لەنمایشێکدا کە ئێمە باسی ئەو بینین و تێڕوانین و ڕەگەزانەمان کرد پێویستیش دەکات هەڵوێستە لەسەر بینین بۆ ڕەگەزەی نواندن بکەین کەسەرەکیترین ڕەگەزی نمایشە لەدوای دەرهێنان ،ئەوەش جێگەی سەرنجدانە کە "دەرهێنان و نواندن" دوڕەگەزن پەیوەندیەکی جەدەلی بەهێز لەنێوانیاندا هەیەو ئەم دوڕەگەزەش لەشانۆدا سەرمەشقی ڕەگەزەکانی ترن،هەڵبژاردنی ئەم سێ ئەکتەرە لە ڕوی فۆڕم و فیگەرو تەمەنەوە زۆر لەگەڵ ئەو تێکستەدا تەبابوو کە دەیویست کێشەیەکی بەهێزمان بۆتەرح بکات ،بەتایبەتی ئەو کێشەیە لەڕوی ئاستی جوگرافیاو شوێنەوە سنورێکی دیارکراوبوو کە شوێنی ڕوداوەکانماڵەکەی "پاولیناو ئێسکۆیار" بوو ،جگە لەدیمەنە فەنتازیەکەی کۆتایی نمایش وهەندێ کورتە دیمەنی فلاشباگ لەکاتی ڕفاندنی "پاولینا" ،جگەلەفۆڕمی ئەکتەرەکان دەنگ لای ئەم سێ ئەکتەرە تایبەتمەندی خۆی هەبوو بەتایبەتی لای "مەریوان کەمال،عادل عەبدوڵا" کە دەنگ تاڕادەیەك تۆنێکی مۆزیکی هەبوو ،هەرچەند هەندێ جارولە هەندێ حاڵەتدا تۆنی دەنگی "مەریوان کەمال" جۆرێك لە ساختەکاری پێوەبوو،کەڕەنگە ئەوەش تایبەتمەندی کارەکتەرەکە خۆی بێت،لەیەك دو حاڵەتیشدا عادل عەبدوڵا کەکارەکتەری ڕۆبێرتۆ میراندای بەرجەستەدەکرد حیواری لەبیرچویەوە یان فەلەتێك لە دیالۆگەکانیدا هەبوو ،ئەمە خەلەلێکی دیاری بۆنمایشەکە دروستکرد،کەپێویستە یەکەم ئەکتەر لەکاتی نمایشدا بە ئیسترخایەکی تەواوەوە نمایش بکات دوەم پێویستە دەرهێنەر ئەو گرفتانە لە کاتی پرۆڤەدا چارەسەربکات،ئەم حاڵەتەش لای تەلار هیرانی هەست پێدەکرا بەتایبەتی لەیەکەم ڕۆژی نمایشدا ولەزۆر حاڵەتدا هەستمان بە تەوەتور دەکردو هەندێ حاڵەتیش لەو سیاقە گشتیەی نمایش دەردەچوو کەدەرهێنەر هێڵکاری بۆکێشابوو،لەسیستەمی نواندندا کاری هێڵکاری زۆرگرنگە کە ئێمەلەم نمایشەدا هەستمان بەوەدەکرد سەرجەم جوڵەو دیمەنەکان لە چوارچێوەیەکی نەخشە بۆداڕێژراون و هەرجوڵەو دیمەن و ڕوداوێك بە میزانسینی تایبەتی دانراوە هەرهەڵەیەکی بچوکی ئەو ئەکتەرانە بۆشاییەکی لە نواندندا دروستدەکرد،بەڵام دواجار بە هۆی دەوڵەمەندی پێگەی تێکستەکەو چاودێری دەرهێنەرو توانستی ئەکتەرو نواندن هەندێ لەو هەڵانە چارەسەرکران و هەندێکی تریان لەنمایشەکەدا بینیمان...